دوو کەس کوژران لە ئەنجامی هێرشێکی فڕۆکەکانی جەنگی ئیسرائیل بە سەر باشووری لوبنان

دوو کەس کوژران لە ئەنجامی هێرشێکی فڕۆکەکانی جەنگی ئیسرائیل بە سەر باشووری لوبنان.

وەزارەتی تەندروستی لوبنان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە هێرشێکی ئیسرائیل بە سەر شارچکەی دبین لە ناوچەی مەرجەعیون بووە هۆی کوژرانی دوو کەس و بریندارببوونی ژنێکی مەدەنی.

لەکاتێکدا شەوی ڕابردوو یەکشەممە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئیسرائیلی هەمان شارچکەی دبین کرد ئامانج و سێ کەسیان کوشت.

شایانی باسە، لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا ڕێککەوتنی ئاگربەست لەنێوان لوبنان و ئیسرائیلی کۆتە بواری جێبەجێکردنەوە پاش هێرش و لەشکرکێشی ئیسرائیل ئیسرائیل بە سەر خاکی لوبنان و باشووری لوبنان بۆتایبەتی کە زیاتر لە ساڵێکی خایاند و لە کۆتایی مانگی ئێیلوولی ڕابردوودا هێش هێرشکانی ئیسرائیل بەسەر لوبنان زیادیکرد و بووە هۆی کوژران و بریندارببوونی هەزاران هاووڵاتی و ئاوارەببوونی زیاتر لە ملیۆنێک کەس لە باشووری وڵاتەکە.